پێنتاگۆن:ئەمریکا 300 سەربازی دیکە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنێرێت

وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) رایگەیاند، وڵاتەکەی 300 سەربازی دیکە دەنێرێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامانجی زیادکردنی توانای وەڵامدانەوەیان بۆ مەترسییەکان لە ناوچەکەدا. لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ئەمریکا مەترسی ئەوەی لەسەرە کە بەشداری ململانێیەکی گەورەتر بکات و مەترسییەکانی لەسەر سەربازان و کارمەندانی لە ناوچەکە دروستببێت، کە زیاتر لە 40 هەزار کەس و بنکەکانیان لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەیە.

وتەبێژی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا (پێنتاگۆن) رایگەیاند، وڵاتەکەی 300 سەربازی دیکە دەنێرێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئامانجی زیادکردنی توانای وەڵامدانەوەیان بۆ مەترسییەکان لە ناوچەکەدا. لەگەڵ پەرەسەندنی شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ئەمریکا مەترسی ئەوەی لەسەرە کە بەشداری ململانێیەکی گەورەتر بکات و مەترسییەکانی لەسەر سەربازان و کارمەندانی لە ناوچەکە دروستببێت، کە زیاتر لە 40 هەزار کەس و بنکەکانیان لە سەرانسەری ناوچەکەدا هەیە.

ئاماژەی بەوەشکرد، مەبەستیان لە ناردنی ئەو سەربازانە پشتگیریکردنی هەوڵەکانی رێگریکردنە لە تەشەنەکردنی ململانێکان و بەهێزکردنی تواناکانی بەرگریی هێزەکانی ئەمریکایە.